مارف بەرزنجی

# سەرلەبەیانی نەورۆزێک



دەمی خۆرکەوتنی رۆژی نەورۆزە. سەرەتای بەهارێکی تەڕ و تازە و دڵگیرە کەناری شار دەریایەکی سەوزە، تا چاو بڕکا لە چەشنی رایەخی عەجەم خەملیوە. پیرەمەگروون و بەرانان و ئەزمەڕ بە وێنەی سەماوەری هەشتەرخانی لە کوڵ هاتووی دیوەخانی جاران هەڵمیان لێ هەڵ دەسێ و دەبێتەوە بە تەمێک وەک دەسماڵی نایلۆنی دووکەڵی دەئاڵێتەوە بە باڵای کێوەکاندا، پاش ئەو باران و بەفر و رەهێڵە زۆرەی هەفتەی رابوردوو چیمەن پاراو و شیو و چەم و تاڤگەکان بەهارەهاڕی ئاوی بەفراویان تەمی

خەفەت لە دڵ و مێشک بەرتەکان دەدەن. هەموو خاوەن دڵێک ئارەزووی گەشت و سەیران دەکەن. تەنانەت منی بەژمووردەی کوێرەوەری نان پەیداکردن و ژیاندنی خێزانی زۆر، منی شووشەی دڵشکاو لە سەد لاوە شکاو و پەپوولەی ئارەزوو تۆراو و لە یاران جێماو، منیش یادی یاران و جارانم کرایەوە. بۆ راو بۆ گەڕان. بۆ سەیران و رابواردن، ئەزمڕ و سەرچنار، زەڵم و قۆپی، راوەکەو و مەڕەکێوی، سواری و نیشان شکاندن، سێ باز و کەوشک.

لە تاکە ژوورەکەی باڵاخانەکەماندا بووم، لە تاکە پەنجەرە کۆنە شەق و شڕەکەیەوە تەماشای باخچەی گشت لایی دەکەم، سەروو و سنەوبەر و گوڵەبەهارییەکان تێکەڵ بە پەرژینە سەوزەکان بڕبڕ و گۆل گۆل. کە چاوم هەڵبڕی لە دوورەوە لووتکەی گڵەزەردەم بەرچاو کەوت، ناوچەی زەردیاوە، دیسانەوە یاد بردمیەوە.. «تەکیە» و «جافەران» راوی «قۆپی» و «کانی مۆبان» نزارەکان. دەربەندگەور. رەزەکان. هەڵپەڕکێ و چەپڵەڕێزان.. ژیانی خۆش و سادەی جاران ژیانی سەردەمی پێش جەنگی جیهانی و پێش چڕوپڕبوونی ژیان. پیش زۆربوون و پەرەسەندنی ئەم شتانەی کە بوون بە پێویستی ژیانی ئەمڕۆمان و بۆ پەیداکردنی هەزار خەفەت و پەژارە و سزا دەکێشین. ئەم شتانە کە خۆشی و سادەیی ژیانی جارانی لە دەست سەندین و لە جێگەی خەفەت و پەژارە و پێش چاوچوویەتی و قینەبەری و بەربەرەکانیی شێتانەی بۆ بەجێ هێشتین. هەر ئەمانەش نا بەڵکو مل شۆڕکردن و ژێردەستی بۆ بێگانەی تازە کورە.

ئاه. هە.. بۆ ئەو سالانەی کە چەند برادەرێک بووین پێکەوە، لاو و تازە هەڵچوو، خاوەن ئەسپ و تانجی و توولە و کەوی راوی. بە هەموومان تفەنگێکمان هەبوو لە تفەنگی راوی. ئەوسا قوتابیی پۆلی شەشەم بە چاوێکی کە تەماشا دەکران.. کە محامییەکانی ئێستا وا تەماشا ناکرێن.. دنیا زۆر گۆڕاوە.. هەر یەکەمان بۆ خۆی خاوەن هونەرێکی تایبەتی بوو «شاکە»ی دەنگخۆش و گۆرانیبێژ، نالەی دەسڕاست و نەچیردۆز «بلە»ی گاڵتەوگەپ و فێڵبازی «سمایل»ی بلوێر ژەن.

زۆر جار شەوان پێکەوە لە ماڵی یەکێکماندا لەبەر چرا لالەیەکدا، کە چەند مۆمێک بوو لە ناو جامخانەیەکی چوار رووددا، بۆ خۆمان دەورمان دەکردەوە پاشان ئەمان دایە تانی گۆرانی و چاخواردنەوە و شەوچەرە خواردن. گەلێک جار هەر پێکەوە دەنوستین.

هیچمان خاوەن ماڵ نەبووین لە ئاستی یەکتر هەرچەند ماڵوحاڵێکی وامانیش نەبوو کە لێکمان جیا بکاتەوە.. یا نەبووبووین بە خاوەنی ماڵ؟! پێنجشەموو و هەینی وچانی نیوەی ساڵ و وچانی هاوینان دەچووین بۆ دێهاتەکان بۆ ناو خاڵووان و خۆیشان.. ئەوسا خۆیشایەتی زۆر گەرم بوو.. خەڵکی یەکتریان زۆر خۆش دەویست وەفا هەبوو، وەفا!.. کێ خاوەن ماڵ بوو، لە راستی خۆیش و دۆست و برادەر.. باخەکان پڕ میوە و کانیاوەکان پاراوتر و چیاکان پۆشتەتر، سەرتاپا دارستان پڕ بوو لە باڵندەی رەنگاورەنگ و نەچیری زۆر.. ئاه بۆ ئەو رۆژانە بۆ ئەو شەوانە بۆ ئەو کۆمەڵ و دەستەبرادەرانە. بۆ ئەو گەشت و سەیرانانە کە لە تۆماری یاد ناچنەوە. کانیاوی دەشت و بیابانی وشک و سەختی رێگای ژیانن بە یادکردنەوەشیان هەست بە سروەی شادی دەکەمەوە، بەڵام ئاهێکی پڕ بە ناخی دەروونیش بۆ لە دەسچوونی. یادی سەردەمی منداڵی و لاوی زۆر کاریگەرە. ریشەی قووڵە لەگەڵ گیاندا تێکەڵە و تا مردن لە یاد دەرناچێت. نازانم بۆ هەر ئەو سەردەمە بە ژیانی خۆم دەزانم و ئەم دوای بە هی خەڵک! ئێستە دەڵێی میوانم. لە ماڵی خۆما وەک میوان وام.

کەچی لە خاوەن ماڵی جاران زووتر ئەرک و پەژارە دەبینم! وەک بارگیری مەدار سووڕی بێ دەسەڵاتانە دەخۆم. هەموو سووڕەکانم وەک یەک وان. منداڵەکانی ئێستاش وەک منداڵەکانی جاران نین. ئەو یارییانەی جاران نازانن نە سەیران و گەشت و راو، نە گۆرانی بەسۆز، نە دڵداریی گیانی بە گیانی، تا دڵداریش بۆ پارەیە و بە پارەیە. سووچی ئەمان نییە چەرخ گۆڕاوە. هەر لە پێڕۆکەییەوە دەکەونە ناو خەفەتی نان پەیداکردنەوە، ژیان گران بووە باوک و دایک پیا راناگەن. خەرج و باج رۆژ لە رۆژ زۆرتر بووە. بەرتیل و خاوە ئاڵووالای ئەوروپا بە زۆر دەرگا بە پیاو دەگرێ و دەڵێ: «بمکڕە».. چاولێکەری.. چاولێکەری ماڵی هەموومانی بە قوڕ گرت. ئەوسا پۆلیس وا زۆر شەڕفرۆش نەبوون. تا بەیان بۆ هەر کوێ بچووینایە کەس دەستی نە دەهێنایە بەر رێمان بۆ هەر کوێ دەچیت پۆلیس بە دواتەوەیە. کێ دەتوانێ بە تفەنگ و دەمانچە و خەنجەرەوە بگەڕێت، مەگەر بەگزادە و شێخ و ئاغاکان. ئەوسا هەر کات ئارەزوومان بیهێنایە دەمانکرد بە تەق و تۆق و نیشانانەوە. ئێستە لە شار دەردەچیت ناوت دەنووسن، دێیتەوە ناوت دەنووسن. میوانت دێ ناوی دەنووسن. دەچیتە میوانی هەر ناوت دەنووسن. وەک هەموو

پیاوخراپ بین!.

چ ژیانێکی خۆش بوو جاران. گڕی ئاگری داربەڕوو گۆشتی برژاوی لە زمەدراوی مەڕە کێوی و کەو و کەروێشک. نان و دۆ و شانەی هەنگوینی ناو پەلی داری سەر لووتکە و لاپاڵی چیاکان. بنەی راوە کەو و پێش بەیان خۆگەیاندنە پارێزی نەچیر بە ماهی زەهردەوە.. هەوری لار و یار غەزال، نیگاری یاری لە دیدە و دڵ هەرگیز ون نەبوو، دووریش بووینایە هەر وامان دەزانی چاویان لێمانە، گەلێ جاریش وابوو. سۆراخیان ون نە دەکردین، بە چەشنی پۆلیسی ئێستا!. ئاسمان و رێسمانە. تا لە شارەوە دیار بووینایە سەرپۆشی کەتان بە سەریانەوە با دەیشەکاندەوە.

دەنگوباسی ئێمە لە رۆژنامەی سەر کانیاندا لە پێش هەموو دەنگوباسێکی ترەوە بوو. شەوانی زستان کە شار تارای زیوینی دەپۆشی، بەفر کلووکلوو وەک فریشتە دەهاتە خوارەوە، یا وەک کردگار شاباشی دڵی پاک و پڕ سۆزی ئێمە بکا بە دراوی تازە سکەی لە رەنجی کەس نەدزراو. شانبەشان بەسەر شەقامە نەسرینیەکاندا تێمان دەچریکاند لە قەتار و هەوری لار...

سۆزی دەروونی ئێمە و ترووسکەی چرای پەنجەرەکانی سەر کۆڵان کە جار جار تارماییەک خۆی دەردەخست و بێگومان بە یارمان دەزانی، بە جارێک لە ساردی زستانی بێ دەربەست دەکردین. نە سیخور، نە یاساوڵ، نە پۆلیس و نە دڵپیس روونی و رەوانی ئەم شادییەی لێ دەشڵەژاندین.

لە گەشت و راوا کە تووشی شوێن هەوارگە کۆنەکانی باپیرانمان دەبووینەوە، هەستمان بە شانازی دەکرد. شانازی بەو فەرمانڕەوایانەوە کە نیگار و شوێن دەستیان ماوە و ناچێتەوە.. نارام سین.. نازانم چۆن ئەوەندە دەسڕەنگین بوو. بۆ ئێستا کەسێکمان تیا نییە پەیکەرێکی وا بتاشێ؟! دیارە لە ئێمە هونەرمەندتر بوون فەرهادیش سەنگتەراشێکی بێ هاوتا بووە. کوا ئێستا چیمان هەیە؟! چییان لێ هات؟ بۆ وامان بەسەر هات؟! ئاخۆ چەند بلیمەتی کەشمان بێ سەروشوێن بوون.

خاک، خاک هەموو شتێ قووت دەدا... ئەگەر شوێنی ئەوانمان بگرتایەتەوە ئینگلیز نەیدەتوانی بۆمبارانمان بکا.. داگیرمان بکا.. چەرخ چۆن دەگۆڕێ.. پیاو بە خۆی نازانێ، کاتێ دەڕوانێ، هەموو شتێک گۆڕاوە و لە جاران ناچێ... پیریش هەروا وردەوردە دێت جارێک ددانێک، رۆژێک موویەکی سپی هەر ساڵە لۆچێک، تا رەنگ و روو سەرتاپا دەشێوێت.. دەستە برادەرکانی منیش بەم دەستوورە شێوا..

«ناله» چوو بۆ دانیشگای ئەفسەرەی «بلە» بوو بە مامۆستای قووتابی، «شاکە»ی بولبلی شار چیت دەپێویت. منیش بە مردنی باوکم کۆڵێ خێزانم بە قەرزێکی زۆرەوە کەوت بەسەردا و بە ناچاری بووم بە نووسەر لە دادگادا.

ئەسپ فرۆشرا، تانجی خوێری بوون، کەو لە بن مالا کەوتن بێ ناز. ئەو رۆژەی خاوەن قەرز ئەسپەشیێ لە دەرگای ماڵ بردە دەرەوە هەردوو چاوم پڕ بوون لە فرمێسک و هەناسەیەکی دووکەلاویم بۆ هەڵکیشا وەک ماڵئاوایی لە ژیانی رابردووم بکەم.

رۆژ بارم گرانتر بوو. خەفەتی قەرز و گوزەران، گاڵەگاڵی ئامیر، چەندوچوونی ئەم و ئەو. بووم بە ماموور! وەک جاران نەمدەتوانی بە سەربەستی و ئارەزووی خۆم بەسەر شەقامەکاندا بڕۆم، یا شەوان بگەڕێم لەگەڵ دەستەبرادەرانا گۆرانی بڵێم، چونکە بۆ رۆژی دوایی تووشی پرس و جووتیر و توانجی ئامیر دەبووم. دەبووایە سێبەرێکی ئەو بم و لەو قاڵبە تەسکەدا بژیم کە جەنابی خۆی تێ ترنجاندووە. قاڵبی فیز و لووتبەرزی. کە بووم بە ئەندامی یانەی فەرمانبەرانی میری نەمزانی بۆ بووم.. هەر چاولێکەری بوو.. هەموو مووچەخۆرێک دەبێت ئەندام بن. لە یانەش خۆم بە بێگانە دەهاتە پێش چاو، تا ماوەیەک تەنیا و بێ هاوڕێ بووم. هاوڕێ هاوڕێی پێک و پەپازن منیش هێشتا فێر نەبووبووم، تا بە زۆری شوێن و هاوسێتی بووم بە هاوڕێی پێک و پەپاز ئەوسا هاوڕێ زۆر بوون، بەلام هەر بۆ ئەو دووانە. زۆر بەشی ژیانمان هەموو چاولێکەری و لاساییە. بولبولیش کە گوڵ وەری لەسەر چڵی وشکی درەختەکان دەخوێنێ یا دەگری..

منیش بە دیار پێکەکەمەوە جار جار رۆ رۆ بۆ یاران و جاران دەکەم. بەرگی تازە رەوتی هەڵسان و دانیشتنیشی لێ تێک دابووم. دەبووایە وەک ئەفەندییەکان بجووڵێمەوە. سەیرە لە سەراوە بۆ ماڵ لە ماڵەوە بۆ یانە. لە یانەوە بۆ ماڵ و بۆ سەرا. هەموو رۆژێک لە یەک کاتدا بچم و لە یەک کاتدا بێمەوە بۆ هەمان ژوور، هەمان کورسی هەمان مێز و قەڵەم فایلی ئێسک قورس، چاوم بەو سەر و سیمایانە بکەوێتەوە و گوێم لەو دەم و ببێتەوە کە دوێنێ و پێرێ و هەزار پێرێ لەمەوبەر تووشیان بووم و بێزاریان کردووم یانە و سەرا و ماڵ فیلمێکی نەگۆڕ، بە درێژاییی ئەم بیست ساڵە. ئەگەر هەزار ساڵیش لەم رەنگە بژیم نرخی رۆژێکی هەیە.

رۆژەکانم وەک نووسخەی نامەکانی سەرام وان، هەموو یەک چاپ و یەک مانان.

ئەمیان بۆ شەموو ئەویان بۆ یەکشەموو و دووشەموو و چوارشەموو.. وەک لە بن نووسخەکانەوە دەنووسم بۆ فلان دایەرە و بۆ فیسار ئەفەندی.. ئەگەر خێزان نەبێ ئەم سەرئێشەیەم بۆچییە کە ژیانی پێ دەڵێن ڕۆژ و هەفتە دەبن بە مانگ و ساڵ و ساڵەها لەسەر یەک کەڵەک بوون تا خۆشی و خۆشەویستی و دۆست و برادەری گیانی بە گیانی لە بیر بردمەوە لە چەشنی لە بیرچوونەوەی خۆشەویستێکی جوانەمەرگ... ئاه.. ئاه.. ڕۆژگار چەند بێ بەزەییە، چەند دڵڕەقە.. بۆ وا ژیان گۆڕاوە.. منیش زۆر گۆڕام. جاران کەی وا بووم و کەی ئەم بگرەوبەردە و سزایە هەبوو؟! لای خۆی جەژنە ئا ئەمڕۆ جەژنی نەورۆزە، کەچی لە دوێنێوە پۆلیس ژینی لە خەڵک تاڵ کردووە و سەر ڕێگا و کۆڵان و شەقامەکانیان بردۆتە دەست. بەلیس و تفەنگ و شەستیرەوە، بە کڵاوی ئاسنینەوە، بە چاوی زەق و پڕ قینەوە خەڵکیان تۆقاندووە. بۆ نابێ لە پێنج کەس زۆرتر پێکەوە بگەڕێن یا بوەستن؟! بۆ نابێ لە خۆرئاواوە تا خۆرهەڵات کەس لە ماڵی خۆی دەرنەچێ؟! سەیرانی چی رابواردنی چی هەموو شتێک یاساخە! دوێنێ ئەو کۆمەڵە لاوەیان لە نیوەی ڕێگا بە دەستی کەلەپچەوە و سەروگوێلاکی خوێناوییەوە گەڕاندەوە بۆ ناو زیندان. هێرشێکی کەشیان بردە سەر چایخانەیەک کە چەند لاوێک لەبەر خۆیانەوە گۆرانی نەورۆزیان دەوت. قۆری و پیاڵە و سەماوەر و کورسی و مێز شکێنران بەسەریەکا و بەسەر خەڵکەکەدا. گۆرانی یاساغ بێ!! هەر کەسێک بەو دەوروبەرەشدا بوون بێبەش نەبوون لە نووکەشەق و قۆناغە تفەنگ و جوێن. ڕێگایان بە جێبەکەی ئێمەش دەگرت کە لەگەڵ قادر ئاغادا دەهاتمەوە بۆ ماڵ «مەڕۆن» یاساوڵە سمێڵ بابرە چاو زەردەکە لەگەڵ هاوڕێکەیدا بە تفەنگە سۆنگی دارەکانیانەوە «نازانن پاش خۆرئاوا گەڕان یاساخە، یەڵڵا بۆ پۆلیسخانە» گیان بە ئاغا بوو وازیان لێ هێنان.

تا وەک بێ تاوانی سزادار و خۆمان پەلکێش کرد بۆ ماڵ. جەژنی چی شاری چی ژیانی چی. شار شینە و جەژن ژانە.

خوشک و دایک و خێزانی گیراوەکانیان دانە پۆلیسی لەبەر دەرکی سەرادا؟! دوو فیلمی کاریگەرن، ئەمڕۆ و فیلمی ترس و تۆقاندن و ئازار و خەفەتباری جارانیش فیلمی بێ باکی و شادی و سەرفرازی.

ئەوسا ئازاد و ئێستەی گیرۆدەی سەد داو. ئەوسا بێ کارەبا و مۆبیلە و رادیۆ و ئۆتۆمبیل و ئاوی بۆڕی ئاسوودە و بار سووک و ڕوون و ڕەوان وەک ئاوی سازگاری

چیاکان، قاسپەی کەوەکان، سروەی بەیان. ئێستای لوولەتفەنگ و دەسڕێژی شەستیر و کەلەپچە و بگرەوبەردەی پۆلیس و زیندان. ئێستای رووناکی کارەبا و تاریکی ترس و پەژارەی گیان. ئێستا کاسبووی دەنگی مەکینە و ئاگر و ئاسن و نەوت، بەلام کەڕ و لاڵ و گۆج. کەڕ و لاڵ بە جادووی قانوون. گۆج لەبەر زنجیر و زیندان. ئەوسا تافی لاوی و جوانی، ئێستەی دەمی پیری کە هەر ساتە خەفەتێک و هەر رۆژە دەردێک.. من لەم دەریا بێ پایانەی یاد و لێکدانەوەیەدا بووم پۆلای کوڕم هاتە ژوورەوە پاش دەمێک وەستان و بێدەنگی وتی: بابە ئەوە بیر لە چی دەکەیتەوە.

وتی بابە گیان بۆ تۆ راستە کە جاران زەمانی خۆشی و شادی بوون، ژیانتان لا خۆشتر و سادە و ئاسانتر بووبێ. تاریکی ئەوساتان لە ئەلەتریکی ئێستە لا درەخشانتر بێ، بەلام ئێمە کوڕی ئەم رۆژەین هی ئەم سەردەمە ئەم بگرەوبەردەیەمان پێ خۆشە، چونکە لە رێگای ئامانجێکی بەرز و پیرۆزدا دەیکێشین، کە ژین بۆ هەموو کەس خۆشکردنە. بابە، ئەمڕۆ کارەبا هەیە، بەلام ها ئەوەتا گەلێک هاوسێ و دراوسێمان هەن هەر قوتیلەکەی جاران دەسووتێنن، بەلام لە جاران زۆرتر دڵ تەنگ دەکا، چونکە لە ماڵی هاوسێکانیانا کارەبا دەدرەوشێتەوە. سوارییش وەک جاران خۆشی نادا بە دڵ، چونکە دەوڵەمەندەکان بە ئوتۆمبیل گەشت دەکەن.

رەز و باخەکانی جارانیش وەک جاران شەن و پاراو نین خاوەنەکانیشان وەک جاران بەرچاوتێر نەماون، لەبەر باری قەرزی بازرگانەکانی شار، رەنگە خۆشیان دەمیان لە میوەکەی نەچێ، زۆریشیان لە دەس دەرچووە لە تەسویە و گەلێک باخیش لە ریشە دەرهێنراوە بۆ تووتن، چونکە پارە باشتر دەکا.

ئێمە شاخ و کێوەکانمان هەر بۆ سەیران و راو ناوێت، چونکە پڕن لە کانی بە نرخ و بێگانە لێی داگیر کردووین.

وا تێ دەکۆشین لە رێگای ئازادکردنیا، لەبەرئەوەیە دیمەنەکەشیان لێ یاساغ کردووین، بەلام هەروا نامێنێ. چاک دەبێ و بە گوێرەی دڵی خۆمان چەرخ دەگۆڕین. ئەوسا سەیرانیش لە جاران خۆشتر دەبێ و ئەلەتریکش لە لامپا باشتر دڵ گەش دەکاتەوە.

فەرمووە بەرچایەکەت بۆ دانراوە

١٩٥٥ کەرکووک